## پێشبینیەکانی تەمووز
## شاخەوان ئەحمەد

کاتێک لەسەر ڕێڕەوی خەونەکاندا دەڕۆیشتم
زەوییەکی بەتاڵم لەبەردەمدا ڕاخسترا
زەنگی جەنگی ژیان لێدرا

زەنگ هەمان ئەو سەردێڕانەم دێنێتەوە زەین، کە نووسرابوون:
_ تەرمێک لە تەموزدا دەدۆزرێتەوە
_ بۆنێکی تەڵخ لە ن‌هۆمی ٣ی شپرزەیی دێ
_ ڕەوەیەک لە پرسەکەدا شین دەگێڕن

ڕەنگە لەو تەمووزەدا ببمە باڕووت و بەسەر جەستەی خۆمدا بتەقمەوە
پێشبینیەکانم پڕن لە شپرزەیی
وەرزانێک بانگی ئاسوودەییم کرد، کەچی هەر شین و شکست دەوریاندام و
تەمی زستان، زەردی پاییز و سەوزی بەهار، هیچیان پێنەبوو بۆ بەردەوامبوون

ڕەنگە تەمووز کۆتایی بێت و من نەمرم
ڕەنگیشە تەمووز بسووتێت و هەریش نەمرم
ئێمە لەو نیشتیمانە جەستەیەکمان هەیە، کە
ئاسن، ئاگر و باڕووت خواردنمانن
ئەگەرنا تا ئێستا دەبووین بە ئاو و دەچوینەوە ژێر گڵ

ڕووحێکمان هەیە هێندەی چیایەک بڵندە، کە هەواش لەوێدا کەمە
ئێمە نەخۆشین و ناشکەوین
تەنێ ڕادەکەین!

بار دەکەین و بزر دەبین، کەچی هەر غەریبیی نیشتیمانیش دەکەین!
خەون دەبینین و دەترسین
هیوا دادەچێنین و شکست دەدرووینەوە !
ڕووحێکی دۆڕاو لە پێش تەمووزەوە هەوزنگ دەدات و
لە نیشتیمانێکی کوژراو و مەملەکەتێکی کۆیلە دەپاڕێتەوە
وەرزانێکە گیرفانەکانمان بەتاڵ بەتاڵ و
خەندەکانمان کەم کەم و
چاوەکانمان کز کز دەبن

ئێمە کوژراوی هەمان تەنیاییی سەردەمی ئادەمین و
خەساندنێکی لەسەرخۆی دەستەکانی چارەنووس و
خنکاوترین ئاسۆی وەرزەکانین.